www.kurdistannet.org

# هاوولاتی پله سێ

حەمەسەعید حەسەن

شانازی پێوە ناکەم کە هاوولاتییەکی سوێدیم، بەلام پێم شەرم بوو کە هاوولاتییەکی عێراقی بووم.
سوێدیبوون گەورەتری نەکردم لەوەی کە هەم، بەلام عێراقیبوون گچکەتری دەکردمەوە لەوەی کە هەبووم.
دەمێک بوو سەرۆکی پدک، زوو زوو دەیگوت: (ئەو سەردەمە بوو بەشێک لە مێژوو کە کورد لە عێراقدا وەک هاوولاتییەکی پلە دوو، سەرنجی دەدرا.) هەندێ کەسی درشتبین، کە وا ڕاهاتووون بە چاوی گومانەوە لە گوتەی سیاسەتمەدارن بڕوانن، بەد لەو بۆچوونە حاڵی دەبوون.
بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، عەرەبێک لە مۆریتانیاوە بچێتە خانەقین، بە سێ ساڵ دەبێتە هاوولاتی عێراقی، وەلێ ئەگەر کوردێک لە (سلووپی)یەوە بێتە زاخۆ، بە نۆ ساڵ دەبێتە خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی.
ئەگەر وەک جاری جاران هاوولاتی پلە دوو بووینایە، کوردێکی ئەودیو بە شەش ساڵ دەبووە هاوولاتی عێراقی، بەوەدا بە نۆ ساڵ ئەو مافەی پێ دەبەخشرێت، کەواتە ئیدی کورد هاوولاتی پلە سێیە نەک دوو. بەو هیوایەی ئەوانەی لە کرۆکی ئەو تێزەی بارزانی حاڵی نەدەبوون، توند ڕەخنە لە خۆیان بگرن.
2003. 09. 30